مەراسیمی ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە قوتابخانەی ناڵی بنەڕەتی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو

مەراسیمی ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە قوتابخانەی ناڵی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

ئەمڕۆ یەکشەممە (17ـی کانونی یەکەمی 2023)، بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان، بە ئامادەبوونی ئالان حمە سەعید وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان و ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، لە قوتابخانەی ناڵی بنەڕەتی تەکیەاو ڕێورەسمی بەرز ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان بەڕێوەچوو.

شایەنی باسە، لە 19ـی حوزەیرانی ساڵی 2004، پەرلەمانی کوردستان بە بریاری ژمارە 48، ڕۆژی 17ـی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دەستنیشانکرد.